هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٥٥) لە ٢٠٢٠/٥/١٣

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨) لە ٢٠٢٠/٥/١٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی سەرجەم وەزیرە بەڕێزەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێزان (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی) و (بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا) سەردانی هاوتاکانیان بکەن لە ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی نوێی حکومەتی فیدراڵی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان و پێشکەشکردنی دۆسێی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم بە پێشنیاری گونجاو لەسەر ئاستی سەرجەم کەرتە جیاوازەکان و بەپێی تایبەتمەندێتی هەر وەزارەتێک بەجیا و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ ئەو قەیرانانەی ڕووبەڕووی هەردوولایەن بوونەتەوە بەتایبەتیش لە دوای سەرهەڵدانی لێکەوتە دارایی و ئابوورییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-١٩) و دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونیش کاری بەدواداچوون ئەنجام دەدات و ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران